


راپۆرتێک لە بارەی:

# کێشەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان

## پێشەکی:

بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆیە لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ئەم بەڕێوبەرایەتییە لە ساڵی ٢٠٠٤ بەم ناوەی ئێستا کراوەتەوە و کاری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە بواری هاتوچۆ لە سنوری گەرمیاندا رادەپەڕێنێت.

جگە لە خودی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، خاوەنی سێ بەشی سەرەکییە لە هەریەکە لە قەزاکانی: کەلار، کفری و خانەقین، لەگەڵ سێ بنکە لە ناحیەکانی: رزگاریی، باوەنور و مەیدان.

لەنێو خودی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانیش، چەند بەشێکی کارگێڕیی هەیە، لەوانە: بەشی ئامار، بەشی ئەندازە، بەشی ژمێریاری، بەشی یاسا، بەشی مۆڵەت، بەشی تابلۆ، بەشی تۆمار، بەشی کامێرا و بەشی داواکان.

## بەشی یەکەم: گرفتەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان

## یەکەم: کەمیی کارمەند و پسپۆڕییان

### ١. کەمیی کارمەند لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان

راگرتنی پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەران لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە گرفتی بۆ بەشەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان دروستکردوە.

محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: بە هەمو بنکە و بەشەکانمانەوە، ٦٦٢ کارمەندین، ٣٤ لەوانەش ئەفسەرن.

باسی لەوەشکرد: بەپێی گەورەیی شارەکە و ئیشوکارەکان بەشی کەلار کە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانە، ژمارەی کارمەندی زیاترە لە بەشەکانی دیکە.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، پێیوایە ئەو ژمارە کارمەندە کەمە بۆ ئەوان.

لەوبارەوە دەڵێت: ئێمە بەدەست کەمی کارمەندەوە دەناڵێنین، بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لەڕاستیدا هاتوچۆی کەلارە و تەنها تابلۆکەی گۆڕاوە و بوە بە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، ئەگینا کارمەندەکانمان هەمان کارمەندن، ئەمە لە کاتێکدابوە کەپێشتر کەلار قەزایەک بوە رێژەی ئۆتۆمبێل تیایدا کەم بوە، بەڵام لەئێستادا (30-40) هەزار ئۆتۆمبیلی تیایە.

وتیشی: لەساڵی 2013دا، (100) کارمەندمان بۆ دامەزرێنرا، لەوەبەدوا تائێستا هیچ کارمەندێکمان بۆ دانەمەزراوە، زۆربەی بەشەکانمان نەقسی هەیە، بەڵام توانیومانە تارادەیەک نەهێڵین کاری خەڵک بوەستێت، ئەمەش بە ماندوبونی پۆلیسەکانمان.

باسی لەوەشکرد: ناشکرێت بە بەردەوامی بەهۆی کەمی کارمەندەوە پۆلیسەکانمان ماندوبن، بەم بارودۆخی قەیران وبێ موچەییەی کە هەیە، خۆشبەختانە پۆلیسەکانمان قبوڵیان کردوە لەبەر ئەوەی خزمەتی خەڵک دەکەن، ئەگینا ئیشوکارەکانمان بە هۆی کەمی کارمەندەوە زۆر ئەستەمە.

هاوکات، عەلی محەمەد عەلی خان، لێپرسراوی بەشی تۆمار لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: کەمیی کارمەند یەکێکە لەگرفتەکانی بەشی تۆمار، ئەم بەشەی ئێمە کارمەندی زۆری پێویستە، رۆژانە نزیکەی (250) هاوڵاتی کاریان بۆ رایی دەکرێت، ئەم ژمارە زۆرە بە کارمەندی کەمەوە ناکرێت و کارمەندی زۆری پێویستە، لە کاتێدا ئەو کارەی ئێمە بەم کارمەندانەوە دەیکەین بەقەد هۆبەیەکی سلێمانییە؛ لەگەڵ پێدانی هەندێک لە دەسەڵاتەکان لە پارێزگاکانەوە بە ئیدارە سەربەخۆکان پێویستی بە بونی کارمەندی زیاترە.

وتیشی: پێشتر تەنها تازەکردنەوە و بەناوکردن هەبو، بەڵام ئێستا ئاڵوگۆڕی تابلۆ و بەناوکردنەوەی ژمارەش هەیە، کە تازە ئەم دەسەڵاتانەمان پێدراوە.

هاوکات محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: لەگەڵ کردنەوەی بەشی نوێ و پێدانی دەسەڵاتەکان، داوای دامەزراندنی کارمەندمان کردوە، بەڵام بەهۆی نەبونی دامەزراندن و قەیرانی داراییەوە نەکراوە، ئێمە زیاتر مەبەستمان کردنەوەی بەشەکەیە بۆ خزمەتی هاوڵاتیان.

هێماش بۆ ئەوەدەکات: من هەمو کات ئەوە دەڵێم کە وای لێدێت پۆلیسی هاتوچۆ کە ناسنامەکەی ئەوەیە لەسەر جادە بێت، ئێستا بەشەکان پڕکراوەتەوە لە پۆلیس، لەوە دەترسین دواڕۆژ سەرشەقامەکان چۆڵبێت.

دەشڵێت: بەهۆی کردنەوەی بەشی (تابلۆ، مۆڵەتی ئیلیکترۆنی و بەشی تۆمار)ـەوە، ناچار دەبێت پۆلیسی بۆ بێنین، کە پۆلیس نەبێت دەبێت پۆلیسی سەرجادەکان بکێشینەوە، گەر وا بڕوات لەکۆتاییدا ئیدارەکەمان تۆکمە دەبێت و جادەکانمان لەدەستدەردەچێت.

هاوکات، سامان عەلی، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: لە هەر جێگایەک کارمەندێک کەم دەکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێکی پێ کارابکەین.

فراوانبونی سنوری ئیدارەی گەرمیان وایکردوە پێویستی بە کارمەندی هاتوچۆی زیاتر بێت، ئەفسەرانی هاتوچۆش دەڵێن بەهۆی کەمی کارمەندەوە دۆخەکە کۆنترۆڵ ناکرێت.

نەبەرد حەمید فەیزوڵڵا، لێپرسراوی بەشی ئەندازەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: رۆژبەڕۆژ سنوری ئیدارەی گەرمیان رو لە فراوانبون دەکات، بەردەوام پرۆژەی نیشتەجێبون و گەڕەکی نوێ دروست دەکرێت، ناتوانین بەو کارمەندە کەمە کۆنترۆڵی بکەین.

لە بەرامبەردا، سامان عەلی، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: بەردەست نەبونی کارمەندی پێویست، وایکردوە نەتوانین لە سەرجەم فولکە و شەقامەکان کارمەندی پێویست دانەین بۆ هاتوچۆیەکی سەلامەت.

هێماش بۆ ئەوەدەکات: 11 ساڵە کارمەندمان بۆ دانەمەزراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ساڵانە بەهۆکاری خانەنشینبون و گیان لەدەستدان، چەندین کارمەندمان کەم دەکات.

| | |
|---|---|
| ژمارەی کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان | |
| ئەفسەر | 34 |
| کارمەند | 628 |
| نێر | 619 |
| مێ | 9 |
| ژمارەی ئەفسەر و کارمەندانی بەشی هاتوچۆی ناو شاری کەلار | |
| ئەفسەر | 3 |
| کارمەند | 98 |
| کۆی گشتی | 101 |
| ژمارەی ئەفسەر و کارمەندانی بەشی هاتوچۆی خانەقین | |
| ئەفسەر | 4 |
| کارمەند | 83 |
| کۆی گشتی | 87 |
| ژمارەی ئەفسەر و کارمەندانی بەشی هاتوچۆی کفری | |
| ئەفسەر | 1 |
| کارمەند | 59 |
| کۆی گشتی | 60 |

## ٢. گرفتی کەمیی کارمەند لە بەشی قەزاکان

گرفتی کەمی کارمەندی نەک تەنها لەناو بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، بەڵکو بەشی قەزاکانی سەربە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆشی گرتوەتەوە، ئەمەش وایکردوە کارمەند لە بەشێک کەم بکەنەوە بۆ بەشێکی دیکە.
دیار محەمەد حەمید، لێپرسراوی بەشی هاتوچۆی قەزای کفری، دەڵێت: گرفتی کەمی کارمەند وایکردوە کارەکانمان وەکو پێویست بەڕێوەنەچێت، هەندێکجار فشارمان لەسەربوە کارمەندمان لە بەشێکەوە کەم کردوەتەوە بۆ بەشێکی دیکەمان زیادکردوە.
هاوکات حەیدەر وەلا ناجی، لێپرسراوی بەشی هاتوچۆی قەزای خانەقین، دەڵێت: کەمی کارمەند ڕێگر بوە لە باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان، نەبونی کارمەندی پێویست وایکردوە ناچاربین کارمەندی سەرجادەکان بهێنینەوە بۆ ناو فەرمانگە بەمەبەستی جێبەجێکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان، هاوڵاتیش کاری ناڕوات ئەگەر کارمەندی پێویست لە ناو فەرمانگە نەبێت و کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، لە کاتێدا کارمەندی ناو فەرمانگە و سەرجادە تەواوکەری کارەکانی یەکن.
دەشڵێت: زاڵگە و بنکەکانی ساڵح ئاغا و پەروێزخان تا دەگاتە مەیدان سەر بە بەشی هاتوچۆی خانەقینن، بەکردنەوەی بازگەی سەوزبلاخ کە دەبێت کارمەندی بۆ دانەین، کەمی کارمەند کاریگەری زۆری هەبوە لەسەرمان .

## ٣. گرفتی کەمی کارمەند لە مەفرەزەکانی ناو شاری کەلار

بەڕێوبەری بەشی هاتوچۆی ناو شاری کەلار باس لەوە دەکات فراوانبونی شاری کەلار و زۆربونی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و قەرەباڵغی ناو شار، وایکردوە کەمی کارمەند زۆر کاریگەریی هەبێت لەسەریان.
ڕزگار عەدنان، دەشڵێت: کەرتمان نییە، تەنها بەشی هاتوچۆی ناو شاری کەلار خۆیەتی کە مەفرەزەیەکی (٥) کەسیمان هەیە بۆ هەمو کەلار، پێویستمان بە (٥) مەفرەزەیە کە دابەشی بکەین بەسەر پێنج کەرتدا، بۆ ئەوەی کە ڕوداوێک یان قەرەباڵغییەک ڕودەدات، بتوانین بە زوترین کات بگەینە ئەو شوێنە و چارەسەری بکەین.
دەشڵێت: ئەو مەفرەزەیەی هەمانە زۆر کەمە، لە ئاست ئەو گەورەبون و فراوانبونەی شاردا نییە، کەمی کارمەند وایکردوە زۆر کاریگەری لەسەر کارەکانی ئێمە هەبێت، نەتوانین وەکپێویست ئەو بۆشاییانە پڕبکەینەوە کە بەهۆی فراوانبونی شارەوە دروست دەبێت.
هێماش بۆ ئەوە دەکات: لە ناو شاری کەلاردا جادەوبانێکی زۆر دروستکراوە، ئەمە وایکردوە فریانەکەوین، ماوەی (١٠) ساڵە هەمان کارمەندمان هەیە لەکاتێدا لە دە ساڵی ڕابردودا کارمەندمان بەهۆی کۆچکردنی بۆ دەرەوەی وڵات و خانەنشینبون و کۆچی دواییەوە کەمی کردوە، لەبەرامبەردا جادە و ئۆتۆمبیل و فولکە زیادیان کردوە.

## ٤. پاسەوان و شۆفێری ئەفسەران

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی ژمارەی کارمەندیان کەمە، بەڵام نەیشاردەوە کە بەشێک لەو کارمەندانە وەکو پاسەوان و شۆفێری ئەفسەرەکان کاردەکەن.
لەم بارەیەوە وتی: پاسەوان و شۆفێر بەپێی فەرمانی وەزارەت دەستنیشانکراون بۆ ئەفسەر و کۆتاپلەداری فەرمانگە یان بەڕێوبەرایەتی، بەشێوەیەک هەر ئەفسەرێک یەک پاسەوانی هەیە، ئەفسەر هەیە تەنها شۆفێری هەیە، چونکە بەجلی سەربازییەوە ئەفسەر نابێت ئۆتۆمبیل لێبخوڕێت، هەروەها بەڕێوبەری بەشەکان شۆفێرێک و پاسەوانێکیان هەیە.
بەوتەی خۆیشی زۆربەی ئەفسەرەکان کە لەبەڕێوبەرایەتی دەوام دەکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی کەمی کارمەندەوە دروستبوە، پاسەوانەکانیان دوای گەیاندنی ئەفسەر بۆ سەر ئەرکەکەی، هاوکاری بەشەکان دەکەن.

## ٥. پسپۆڕێتیی ئەفسەر و کارمەندان

لەوەڵامی ئەوەی تاچەندێک ئەفسەر و کارمەندەکانتان پسپۆڕن لەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکەن یاخود خولی ڕاهێنانیان بینیوە، محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان وتی: بەرپرسی بەشی یاسا دەبێت دەرچوی کۆلێژی یاسا بێت، ژمێریاریی بەهەمانشێوە، بەشی مۆڵەت کۆلێژیی نییە هەتا بەرپرسەکەی پسپۆڕ بێت.
لەبارەی بەشی ئەندازیارییشەوە، ئاماژەی بەوەدا بەرپرسەکە پسپۆڕی ئەندازیاریی نییە و بەڕێوبەرایەتیەکەشیان تەنها یەک ئەندازیاریان هەیە، ئەویش لە شارەوانییەوە بە تەنسیب هاتوەتە لایان.
لەبارەی بەشەکانی دیکەوە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو بەشانە هەندێکیان کۆلێژ و بەشی زانستییان نییە هەتا بەرپرس و کارمەندەکان دەرچوی ئەو بەشانە بن، لەنمونەی بەشی مۆڵەت، بەڵام بەوتەی خۆی خولیان بۆ کراوەتەوە.
وتیشی: بۆ هەربەشێک پسپۆڕیی خۆیان نەبێت، ئەبێت خول ببینن و ماوەی خولەکانیش جیاوازە بۆ هەر بوارێک، بۆنمونە هەر ئامێرێک دێت بۆ بەڕێوبەرایەتیمان، خولی لەسەر دەکرێتەوە لە هەولێر، وەک کردنەوەی خولی تایبەت بە ئامێرەکانی بەشی ئەندازە یان ئەو ئۆتۆمبێلانەی کاری بۆیاخ دەکەن، ئەمانە ئەفسەر و کارمەندەکان هەمویان خولیان بینیوە.

## دووەم: کێشەی بودجە و پێداویستی و ڕێکارەکان

### ١. نەبونی  ئالیات و پێداویستییەکان

نەبونی بودجە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، یەکێکە لەو کێشانەی کاریگەری کردوەتە سەر کارەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، نەبونی پێداویستی گرفتی بۆ کارەکانی بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیان دروستکردوە.
نەبەرد حەمید، لێپرسراوی بەشی ئەندازەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: کاتێک  ئەمانەوێت لە شوێنێک کارێک بکەین هەندێک هێمای پێویست و تاسەی پلاستیکی بۆ دابنەین، بەردەستمان نییە، نەبونی بودجە و قەیرانی دارایی گرفتی بۆ کارەکانمان دروستکردوە، کە ئەو پێداویستیانەمان بەردەست نەبێت بۆی دانەین، خەڵکیش داوامان لێدەکەن شوێنێک قەرەباڵەغی لە سەرە هێمای بۆ دابنرێت، کە نەبێت گرفتە بۆمان. دەشڵێت: لە ساڵی (٢٠١٩)ـوە تائێستا یەک هێمایان بە نەکرپیوین، تەنانەت تاکە هێمایەک نەهاتوەتە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان بۆ ئێمە و تایبەت بەسنورەکە کردرابێت، هاتوچۆی سلێمانی هاوکارییان کردوین لە روی دابینکردنی هێما و بۆیاخەوە بۆ زۆربەی پێداویستیەکانمان.
هاوکات، محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: چەندینجار داوامانکردوە پێویستیمان بە تاسەی پلاستیکییە و دەبێت هەمانبێت و لە زۆر شوێن دابنرێت، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێک نەدراوینەتەوە و ڕەتکراوەتەوە.
لێپرسراوی بەشی هاتوچۆی خانەقین، حیدەر وەلا ناجی، دەڵێت: بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچمان بۆ دابین ناکرێت، تەنانەت تاسەیەکی دەستکردیشمان بۆ دابین نەکراوە.

> «لە ساڵی (٢٠١٩)ـوە تائێستا
> یەک هێمای هاتوچۆیان بۆ نەکڕیوین»

### ٢. کێشەی سوتەمەنی

«بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبونی بەنزینی پێویستەوە، لە دەرەوەی سنوری ناحیەی باوەنور رەنگە زۆرجار ئاگامان لە بارودۆخی ئەو ڕێگایانە نەبێت، ئەگەرچی تا ناحیەی مەیدان سنوری کاری ئێمەیە». محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتو چۆی گەرمیان، وای وت.
وتیشی: ئێستە بەهۆی نەبونی سوتەمەنی پێویستەوە رەنگە هەفتەی جارێک چاودێریی ئەو ڕێگایە بکرێت، کە ئەمەش دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوەکە و سەرپێچیی لەدەرەوەی چاودێری ئەنجام دەدرێت، شۆفێر دەزانێت ناوچەیەک چاودێریی لەسەرنەبێت، ئەوا تیژڕەویی یان لادانی نایاسایی یاخود دەرچونێکی «اجتیاز» نایاسایی بە ئازادانە دەکات.
هاوکات، سامان عەلی، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: کەمی سوتەمەنی گرفتی بۆ دروستکردوین، چونکە لەڕوی دابینکردنی سوتەمەنییەوە ئۆتۆمبیلەکانی هاتوچۆ نابێت بەهەمان شێوەی ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکانی دیکە حسابیان بۆ بکرێت، بەهۆی ئەوەی دەبێت بەردەوام مەفرەزەی گەڕۆکمان هەبێت و بگەڕێت.
دەشڵێت: ئۆتۆمبیلەکانمان بڕی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ لیتر سوتەمەنی بۆ سەرف دەکرێت، بە بچوکترین روداوی هاتوچۆ دەبێت تیمێکی هاتوچۆ بەزوترین کات بگاتە جێگای روداوەکە، ڕۆژ هەیە ٣ بۆ ٤ روداو تۆماردەکرێت.
هێما بۆ ئەوەشدەکات: ئۆتۆمبیلەکانی هاتوچۆ شەش پستۆنن، ئەگەر لە رۆژێکدا ٤ دەرچونیان هەبێت، لە مانگەکەدا سەروی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ لیتر بەنزین سەرف دەکەن.
هاوکات، رزگار عەدنان، لێپرسراوی بەشی هاتوچۆی ناو شاری کەلار، دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت لە ١٠٠٪ کارەکانمان جێبەجێبکەین، بەدڵنیاییەوە بەهۆی کێشەی سوتەمەنییەوە ناتوانین و ڕێگردەبێت، بەڵام بەپێی ئەو سوتەمەنیەی هەمانە جوڵە دەکەین، لەکاتێدا جوڵەکە لە تموحی ئێمەدا نییە، بەڵام بەو بەنزینە کەمەوە زۆرترین  جوڵە دەکەین و شوێنە سەرەکییەکانمان پێ پڕکردوەتەوە.
بەشێک لە ئۆتۆمبیلەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، تایبەتە بە ئەفسەرەکان و گواستنەوەیان، کە ئەمانەش سوتەمەنیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین دەکرێت.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لەمبارەیەوە وتی: هەمو ئۆتۆمبیلی ئەفسەرەکان ڕێژەیەک سوتەمەنییان بۆ دیارییکراوە، ئەویش بەپێی ئیشوکارەکەی و دوریی نێوان ماڵەوە و شوێنکارەکەی دیارییکراوە.
لەبارەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ کاری کەسیی «شەخسی»یەوە وتی: ئەم ئۆتۆمبێلانە بۆ کاری شەخسی بەکارناهێنرێن، چونکە هەموی بۆیاخی شین و سپییە و فەڕاڕەشی لەسەرە و بۆ ئیشی تایبەت و مەدەنی نەشیاوە بەکاربێت.

## ٣. کێشەی تابلۆی کاتیی

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، ئەم ئۆتۆمبیلانە وەکو هاتوچۆی گەرمیان باسی لێوەدەکەن کێشەی درەنگ کەوتنی تابلۆی کاتییان بۆ دروست دەبێت.
لەبارەی ئەم کێشەیەوە، محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: کێشەی درەنگ کەوتنی تابلۆی کاتییمان هەیە کە دەبێت ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە مەرزی نێودەڵەتی پەروێزخانەوە دێنە کوردستان، لە پارێزگای سلێمانی تابلۆی کاتییان بۆ بکرێت.
دەشڵێت: وەکو ئیدارە سەربەخۆکان، ئیدارەی گەرمیان مەرزێکی نێودەوڵەتیمان هەیە، راستەوخۆ داوام کردوە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، هاوشێوەی پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر و دهۆک) کە مەرزی نێودەوڵەتیان هەیە، ئێمە تابلۆی کاتیی لەلامان بکرێت، خۆمان دەزگای چاپی تابلۆمان هەیە، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەوەتەوە.
هێماش بۆ ئەوە دەکات: زەختی ئێمە دەکەوێتە سەر هاتوچۆی سلێمانی بە هۆی ئەوەی سلێمانی مەرزی باشماخی هەیە، هاتوچۆی سلێمانی دەبێت تابلۆی کاتیی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە بکات کە لە هەردو مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان و باشماخەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەم هۆیەوە هەندێکجار تابلۆی کاتیی بەپێی توانا ناکرێت، هاتوچۆی سلێمانی فریای هەردو مەرزەکە ناکەوێت، بۆ دروستکردنی تابلۆی کاتیی.

## ٤. کێشەی نەبونی ئامێری تایبەت بە مۆڵەتی ئیلیکترۆنی

ماوەی ساڵێکە مۆڵەتی شۆفێریی ئیلیکترۆنی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی گەرمیان کاراکراوە، وەکو خۆیان دەڵێن کێشەی نەبونی ئامێری پێویستیان هەیە، کە هەمو گەرمیان سێ کۆمپیوتەریان هەیە.
محسن مەنسور کەرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: هەمو گەرمیان سێ ئامێر و سێ کامێرا و پەنجەمۆری هەیە، کارەکانی مۆڵەتێک کەمترینی ٢٥ خولەک دەخایەنێت، کێشەی کەمی ئامێرمان هەیە کە هەمو گەرمیانی لەسەرە بە خانەقین و کفری و کەلارەوە.
دەشڵێت: کارەکانی بەشی مۆڵەت تەنها دەرکردنی مۆڵەت نییە، بەڵکو (نوێکردنەوەی مۆڵەت، ونبونی مۆڵەت و تەلەفی مۆڵەت) یشە، مۆڵەتی تازەش «یەکەمجار» دەدرێت بەو هاوڵاتیانەی لە رێگەی نوسینگەکانی شۆفێرییەوە کە دەبێت ئەوانەش بکرێت بە مۆڵەت، هەمو ئەمانە کۆدەبنەوە و کەمی ئامێرەکان دەبێتە گرفتێکی بەرچاو.
دانا هیدایەت حیدەر، لێپرسراوی بەشی مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: بۆ کارەکانی ئێمە سێ ئامێر و کۆمپیوتەر کەمە، ئەگەر کۆمپیوتەری پێویستمان بۆ دابین بکرێت زوتر و باشتر کارەکانمان بەڕێوەدەچن، داوای زیادکردنی ئامێرەکانمان کردوە، بەڵام تا ئێستا بۆمان دابین نەکراوە.



## ٥. گرفتی بینا

یەکێـک لەو کێشـانەی روبەروی بەشـێک لـە بەڕێوبەرایەتیەکان دەبێتــەوە، کێشــەی بچوکــی و کۆنــی بینایــە، بەڕێوبەرایەتــی هاتوچۆی گەرمیان پێویسـتی بە بینایەکی هاوشـێوەی هاتوچۆی سلێمانیە.

محسن مەنسور کرەم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: کێشــەی بچوکیی بینامان هەیە، بەوپێیەی بەڕێوبەرایەتی بەشــی زیاتر لەخۆی دەگرێت، ژورمان کەمە بۆ بەشەکان، بەهۆی نەبونــی جێگاوە ناچار بۆ فایلی مۆڵەت کەرەڤانەمان داناوە، یەک بینا کێشەکەمان چارەسەر دەکات، بینایەکی هاوشێوەی هاتوچۆی سلێمانیمان پێویستە، بڕیاری ئەوەمانداوە ئەگەر بینایەکی گەورە بکەین ئەم بینایە بکەین بە بینای بەشی هاتوچۆی ناوشار.

دەشـڵێت: نەبونی شـوێنی راگرتنـی ئۆتۆمبێـل یەکێکی دیکەیە لەکێشــەکان بەهۆی بچوکی روبەری زەوی هاتوچۆی گەرمیانەوە، بەشــی تابلۆ شــوێنی راگرتنــی ئۆتۆمبێلمان نیــە تابلۆکانیان بۆ ببەستین، ناچار لەسەر جادە تابلۆکانیان بۆ دەگۆڕین، کە ئەمەش گرفتــە بــۆ ئێمــە وەک بەڕێوبەرایەتــی هاتوچــۆی گەرمیان و بۆ هاوڵاتییان و جادەکەش.

زیاتــر وتی: بەهۆی نەبونی شـوێنەوە گەراجمــان نیە، چ بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی حجزیان دەخرێتەســەر، چ بۆ ئەو هاوڵاتیانەشی کە بۆ کارەکانیان رو لە هاتوچۆی گەرمیان دەکەن.

هــاوکات، رزگار عەدنان، بەڕێوبەری بەشــی هاتوچۆی ناوشــاری کەلار، دەڵێت: بیناکەمان کۆنە، وەک پێویســت نییە و داڕوخاوە، ئــەم بینایــەی ئێمــەی تیادایــن لــە ســەرەتای نەوەدەکاتــەوە بینــای بەڕێوبەرایەتــی گومــرک بوە، بەڵام تائێســتا هیچ کارێکی نۆژەنکردنــەوە و گۆڕانــکاری تیــادا ئەنجام نــەدراوە، چەندینجار داوامانکردوە زەویمان بۆ دابینبکرێت بینایەکی تازەمان بۆ دروست بکەن کە بتوانین تیایدا خزمەتی زیاتر بکەین.

دەشــڵێت: ســەرەڕای کۆنی بیناکەمان، بچوکــە و جێگامان تێیدا نابێتــەوە، ئەگەر بێت و ئەو پێنج کەرتەی پێویســتمانە دروســت بکرێــن، جێگامــان نییە بۆیــان، زەویمان بــۆ تەرخانکراوە، بەڵام تائێســتا هیــچ بودجەیەک تەرخان نەکراوە بۆ دروســتکردنی بینا لەسەری.



## ٨. غەرامە و کامێرای چاودێریی

لە ســنوری گەرمیاندا کامێرای جێگیــری چاودێریی هاتوچۆ بونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کامیرای گەڕۆکە.

بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان، محســن مەنسور کەرەم، لەوبارەوە وتــی: ئێمە ٦ کامێرامان هەیــە، چواریان لە کەلارن و دانەیەکی لە کفری و ئەوەکەشــیان لــە باوەنــورە، کامێراکانیش گەڕۆکن و کامێرای جێگیرمان نییە، بەهۆی ئەوەیشــی کە گەڕۆکن کەم دیار دەکەون.

وتیشــی: کامێرەکان بەپێی رۆژ لە رێــگاکان دادەنرێن و تەنها بۆ سەلامەتی گیانی خەڵکە.

لەبارەی دەســتکردن بە دانانــی کامێرای چاودێریی و ئەوەی پێی دەوترێــت «خاڵ بۆ خاڵ» یان «پۆینت تو پۆینت»، بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان وتی: کامێرای خاڵ بۆ خاڵ بەدەستی ئێمە نییە و لەسەرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە لەشوێنەکان دادەنرێت.

لەبــارەی غەرامەکردنیشــەوە، بەڕێوبــەری هاتوچــۆی گەرمیــان ئاماژەی بەوەدا کە بە پێی یاسا و رێنماییەکان، جۆری غەرامەکان دیاریکراوە و ئەوانیش پابەندن پێوەی.

وتیشــی: غەرامــەکان بــە مەرکەزیــی دیاریکراون و بە وەســڵ و بــڕی غەرامــەش هەموی لە وەزارەتی ناوخــۆ دیاریکراوە و بەهیچ شێوەیەک دەستکاریی ناکرێت.

## ٧. کارنەکردن بە سیستەمی ئیلیکترۆنی

هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی هەرێم، تائێستا بەشێکی زۆری ئیشوکارەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان بەشێوە تەقلیدییەکەی پێشو بەڕێوەدەچێت و پشت بە سیستەمی ئیلیکترۆنی نەبەستراوە.

بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان، لەمبارەیەوە وتی: بۆ مۆڵەت سیستەمی ئیلیکترۆنی هەیە و هاوڵاتی دەتوانێت لەوێ ناوەکەی تۆمار بکات، بەڵام لە گەرمیان بەشێکی خەڵکەکەی خوێندەوارییان نییە یان رەنگە لە سیستەمە ئیلیکترۆنییەکان نەزانن، بۆیە کەمتر بەکاردەهێنرێت.

## ٦. گرفتی نەبونی تۆماری کامێرای هەولێر و سلێمانی و حسابنەکردن بۆ پشکنینی بەڕاد

نەبونی تۆماری کامێراکانی هەولێر وسلێمانی کێشەی بۆ کارەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان دروستکردوە، بەشی زۆری زیانەکانیش لەمڕووەوە بەر هاوڵاتیان دەکەوێت.

رەعد رەحیم، هاوڵاتی لە کەلار، وتی: بۆ نوێکردنەوەی ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکەم رۆشتم بۆ هاتوچۆی هەولێر، لەبەشی غەرامە کە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەمیان لێدا (٩٦٠) هەزار دینار غەرامەم لەسەر تۆمارکرابو، بەسەیرکردنی مێژوی سەرپێچییەکان بۆم دەرکەوت کە من لەو کاتانەدا لە هەولێر نەبوم، بۆ دڵنیابونەوە سەیری وێنەی ئۆتۆمبێلەکانمان کرد، کەچی دو ئۆتۆمبیلی جۆری (لێکسز و تۆیۆتا لاندکرۆزەر) بون کە هیچان جۆری ئۆتۆمبێلەکەی من نەبون، بەڵام هەمان تابلۆی منیان بەستبو.

چەند کارمەندێکی بەشی کامێرای بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، جەختیان لە بونی ئەم کێشەیە کردەوە و ئاماژەیان بەوەدا: بەهۆی ئەوەی کە ئیدارەی گەرمیان پارێزگا نییە، هاتوچۆی هەولێر و سلێمانی تۆماری کامێرامان بۆ نانێرن.

هەرچی لێپرسراوی بەشەکەیە، بەهۆی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشییەوە، نەیتوانی لەوبارەیەوە لێدوان بدات.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لەبارەی ئەم کێشەیەوە وتی: داوای ئەوەمان کردوە کە ئەو تۆمارانەمان بۆ بنێردرێت، چونکە سود و گرنگیی خۆی دەبێت لە روی کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی هەیە، قبوڵنەکردنی پشکنینی بەڕادی سنوری گەرمیانە لە پارێزگاکانی دیکە.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لەوبارەیەوە وتی: هەندێکجار ئەو پشکنینانە قبوڵدەکرێن و هەندێکجاریش قبوڵناکرێن، لەکاتێکدا ئەم کۆمپانیایانە یاسایین و بە واژۆی وەزیری ناوخۆ و بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم کراونەتەوە.

وتیشی: وەکو لایەنی فەرمیی، بەڕاد و پشکنینی ئێرە قبوڵە، بەڵام وەکو رۆتین رەنگە ئەفسەرێک بەپێی میزاج کاربکات و بڵێت قبوڵی ناکەم، کە ئەمەش هاوڵاتی باجەکەی دەدات.

## ٩. مۆڵەتی شۆفێریی

دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری بەپێی شێوازێکە کە وەزارەتی ناوچۆ و بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم بە مەرکەزیی دیارییان کردوە و هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەیە، ئەویش بەوەی کەسی داواکار دەبێت لە رێگەی نوسینگەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێرییەوە داواکاریی پێشکەش بکات و خولی راهێنانی تیۆریی و پراکتیکی ببینێت و پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدات و دواتر لەلایەن لیژنەیەکی هاتوچۆی گەرمیانەوە تاقی دەکرێتەوە.

حاڵەتێک کە لە گەرمیان مایەی تێبینییە، هاتنی هاوڵاتی ناوچەکانی دیکەیە بەمەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی.

بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان، محسن مەنسور کەرەم، لەمبارەیەوە وتی: ئێمە هەندێکجار هاوڵاتی قەزای دەربەندیخان وەردەگرین، چونکە ئەو قەزایە لەنێوان گەرمیان و سلێمانی دایە، بەڵام ئەگەر کەسێک لە ناوچەیەکی دیکەوە وەکو هەولێر و سلێمانییەوە هاتبێت، ئەوا رەنگە لێرە کاربکات یان بخوێنێت.

وتیشی: رەنگە خەڵک بەهۆی ئەوەی زو مامەڵەکان تەواو دەبێت رو لێرە بکەن، چونکە سلێمانی پارێزگایەکی گەورەیە و رەنگە لەمانگێکدا ٢ هەزار کەس تاقیکردنەوە بکەن، بەڵام لای ئێمە رەنگە بگاتە ١٠٠ تا ١٥٠ کەس.

نەشیشاردەوە هەندێکجار تەکلیفیان لێدەکرێت بۆ کەسێک کە دانیشتوی هەولێر یان سلێمانی بێت و لەلای ئەوان مۆڵەت دەربکات «بەڵام بە بەردەوامیی نیمانە و ناشکرێت».

لەبارەی گرتنەبەری رێکاری شەفاف بۆ رێگرتن لەهەر حاڵەتێکی بەرتیلدان یان واستەکاریی بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی، بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان وتی: ئێمە ئاسانکاریی بۆ هاوڵاتیان دەکەین، لە هەر شوێنێک ئاسانکاریی بکرێت گەندەڵی ناکرێت، ئەگەر بەتایبەتی بکرێت بۆ کۆمەڵێک ئەوە حەتمەن گەندەڵییە.

لەبارەی هاوکارییکردنی هەندێک لە هاوڵاتیان و دەرچواندنیان لە تاقیکردنەوەکانی مۆڵەتی شۆفێریی، بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان وتی: رەنگە هەندێکجار وەکو گشتیی ئاسانکاری بکەین لەڕوی زیاتر رونکردنەوەی پرسیارەکان بۆ فێرخوازان، بەڵام ئەوە نیە کە خەڵک دەربچوێنین، خەڵکیش کە دێتەلامان بۆ واستەکردن پێی دەڵێم ئەگەر خراپ بێت دەریناچێنین.

# سێیەم: پەیوەندی فەرمانگەکان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان

## ١. پەیوەندی بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیان لەگەڵ شارەوانی کەلار

بونی پەیوەندی لەنێوان فەرمانگە حکومییەکان وهاوکاری و هەماهەنگی بە پێویست دەزانرێت بۆ باشتر بەرێوەچونی کارەکانیان. وەکو بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیان باسی لێوەدەکەن، نەبونی پرس و راوێژ گرفت بۆ کارەکارەکانیان دروست دەکات.

نەبەرد حەمید، لێپرسراوی بەشی ئەندازەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: لەگەڵ شارەوانی پەیوەندییەکی باشمان هەیە، ئەوانیش بەهەمان شێوە ئەگەر هاوکارمانبن کارەکانی ئێمە باشتر بەڕێوە دەچێت، بەڵام هەرکات پرس و راوێژ بە ئێمە نەکرێت گرفت دروست دەبێت.

هاوکات، سامان عەلی، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: هەماهەنگی هەیە، بەڵام لە ئاستێکی زۆرپێویستدا نییە، زۆرکات شارەوانی کەلار هەڵدەستێت بە کردنەوە یان داخستنی چەند پێچکردنەوەیەک کە خەڵکێکی زۆر گلەیی دەکەن کە کێشەی بۆ دروستکردون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسنەکردن بە ئێمە.

لە بەرامبەردا، ئەندازیار: دلێرحەسەن، لێپرسراوی بەشی پرۆژەکانی شارەوانی کەلار، دەڵێت: لەگەڵ بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیان هەماهەنگییەکی باشمان هەیە لەکاتی دروستکردنی یوتێرنێک یان بڕینی شەقامێک، گرفتیش دەبێت جاری وا هەیە شارەوانی شەقامێک دادەخات رەنگە هاتوچۆ ئاگای لێ نەبێت، یان کەمتر گونجان هەبێت، بەڵام هەوڵدەدەین ئەمانەش چارەسەر بکەین.

وتیشی: ئەوەی کاری دیزاینی شەقامێک دەکات ئەندازیارە و ئەبێت پسپۆڕی گواستنەوە بێت، بۆ ئەوەی لەبڕیارداندا راستودروست بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی بزانرێت شەقامەکانی ناو شار لە چ شوێنێک کێشەیەک هەیە و بمانەوێت شەقامێک دروست بکەین، ئەبێت لە گەڵ واقیعی حاڵا مامەڵە بکەین کە ئەفسەرانی هاتوچۆ زیاتر لە واقیع حاڵ شارەزان، بمانەوێت سایدێک بگۆڕین لەگەڵ هاتوچۆ پرس و راوێژ دەکەین.

هێماش بۆ ئەوەدەکات: بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ ئەندازیاریان نییە و وەک ئەفسەر مامەڵە دەکەن، بۆیە ئەگەر راوەرگرتنەکە کەمتر بێت، ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

نەبەرد حەمید، لێپرسراوی بەشی ئەندازەی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، وتی: پێشتر هێڵکاری شەقامەکان شارەوانی دەیکرد، بەڵام ئێستا بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ دەبێت بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ خۆی بۆیاخی رێگاوبانەکان بکات بەتایبەتی ناوشارەکان، بۆیە ئێمە بۆیاخ دەکەین بەهاوکاری و گونجان لەگەڵ شارەوانی و ئەندازیارەکانیان کە هاوکارمانن.

## ٢. پەیوەندی بەشی ئەندازەی هاتوچۆ گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان

بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان باس لەوە دەکات هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان هەیە، بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیانیش دەڵێن پێویستمان بە پەیوەندی باشترە.

عەدنان خەلیل، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان، دەڵێت: کاتێک پێویستمان بە راوێژ و رێنمایی هاتوچۆ بێت، راستەوخۆ هاوکارمان بون، پەیوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ بەشی ئەندازە، توانیومانە هەماهەنگییەکی باش دروست بکەین.

هاوکات، نەبەرد حەمید، لێپرسراوی بەشی ئەندازەی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: پێویستمان بە پەیوەندی باشترە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی رێگاوبان، ئەوان هاوکارمانبن ئەتوانین زیاتر هێما لەسەر جادەکان دابنەین.

دەشڵێت:هەندێکجار شوێن هەبوە پێویستی بە یوتێرن بوە تیایدا نەکراوە، ئەمە ئیشی هاتوچۆیە و دەبێت پرس بە ئێمە بکرێت کە ئەو شوێنە پێویست دەکات یوتێرن و هێڵی پەڕینەوەی تیادا دروستبکرێت.

ئاماژە بەوەشدەکات: دیزاینی جادەکان ئەبێت بەشێوەیەک بێت بتوانرێت خێرایی و بڕی لێخورینی تیادا دیاریی بکرێت کە گونجاو بێت شوفێر لێخوڕینی تیادا بکات، کە دەبێت حساب بۆ ئەمانە بکرێت لە روی ئەندازیارییەوە.

زیاتر وتی: ئەگەر ئێمە نوێنەرمان هەبێت و پرس و راوێژ بەهاتوچۆ بکرێت، ئەوا بەشێوازێکی ئەندازیاریی و یاسایی دادەنرێت کە هیچ گرفتێک دروست نابێت، ئەمانە پێشتر گرفت بون، بەڵام هەوڵمانداوە چارەسەریان بکەین و هەندێکیشی چارەسەر کراون.

## پاشکۆ: ئاماری روداو و سەرپێچییەکانی (٣) ساڵی رابردو
## لە سنوری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گرمیان

| جۆر | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ |
|---|---|---|---|
| **روداوەکانی هاتوچۆ** | | | |
| روداوی ئۆتۆمبێل | ٢٩٤ | ٢٩٧ | ٣٤٦ |
| روداوی ماتۆڕ | ٢٢٨ | ١١٠ | ١٢٢ |
| کۆی گشتی | ٢٩٤ | ٤٠٧ | ٤٦٨ |
| بریندار | ٤١٠ | ٥٧٠ | ٣٤ |
| مردن | ٣٦ | ٣٥ | ٦٢٨ |
| **ئاماری مۆڵەتی شۆفێری** | | | |
| مۆڵەتی گشتی | ٢٥٠١ | ٢٣٢٩ | ١٥١٠ |
| مۆڵەتی تایبەت | ٢٣٦٢ | ٢٠٨٩ | ٥٤٣٨ |
| مۆڵەتی ماتۆڕسکیل | ١٦١ | ١٣٩ | ٥٥ |
| کۆی گشتی | ٥١٢٤ | ٤٥٥٧ | ٧٠٠٣ |
| **ئاماری سەرپێچی** | | | |
| ناوشار | ٤٠٦٠ | ٦٤٣٧٨ | ٢١٢٤٢ |
| دەرەوەی شار | ٢٨٩٤٩ | ١٨٠٨ | ٣٥٧٧ |
| کۆی گشتی | ٣٣٥٤٩ | ٧٥١٨٦ | ٢٤٨١٩ |
| کامێراکانی چاودێریی (دەرەوە و ناوەوەی شار) | ٩١٦٩ | ٦٧٢٩ | ٢٥٣٩ |

# بەشی‌دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان یەکێکە لە بەڕێوبەرایەتیە ئەکتیڤ و گرنگەکانی سنوری گەرمیان، لەدوای راپەڕینەوە دروستکراوە و سەرەتا بەناوی کەرکوکەوە بوە و لە ٢٠٠٤دا ناوەکەی کراوە بە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان. ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی و سێ بەش لە قەزاکانی: کەلار، کفری و خانەقین و ٣ بنکە لە ناحیەکانی: رزگاریی، یاوەنور و مەیدان پێکهاتوە.

٢. بەڕێوبەرایەتییەکە جگە لە مامەڵە ئاساییەکان لە چاودێریی دۆخی هاتوچۆ و رێگریکردن لە سەرپێچیی، ژمارەیەک مامەڵەی دیکەش بەڕێدەکات، لەوانە: دەرکردنی مۆڵەتی شۆفێری، دەرکردن و نوێکردنەوەی سالآنەی ئۆتۆمبیل و ...هتد. سەرباری ئەوەش هێشتا هێزی بەڕێوبەرایەتی پارێزگاکانی نییە و زۆر مامەڵە هەیە کە هێشتا ئەم بەڕێوبەرایەتییەی لێ بەدەر دەکرێت.

٣. بەڕێوبەرایەتیەکە بەپشت بەستن بە یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکات و هیچ تایبەتمەندییەکی یاسایی جیاوازی نییە لەوەی لەناوچەکانی دیکەدا هەن.

٤. بەڕێوبەرایەتیەکە بەدەست ژمارەیەک کێشەوە دەناڵێنێت، لەوانە: کێشەی کەمیی کارمەند، کێشەی نەبونی هەندێک پسپۆڕیی لە بەڕێوبەرایەتییەکەدا، کێشەی ئالیات و پێداویستیی، کێشەی سنورداریی سوتەمەنی و دابینکردنی بودجە بۆیان، کێشەی بینا و ..هتد.

٥. هەروەها بەڕێوبەرایەتیەکە روبەڕوی کێشەی دیکەی ئیداریی دەبێتەوە، لەنمونەی رەوانەنەکردنی تۆماری سەرپێچیی کامێراکانی هاتوچۆ لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانییەوە بۆ گەرمیان، ئەمەش بارگرانی لەسەر شانی هاوڵاتی زیاتر دەکات.

٦. ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتییەکە کێشەی کەمیی کارمەندی هەیە و ژمارەی کارمەندەکانی تێکڕا (٦٦٢) کارمەندن (٦٢٨ کارمەند و ٣٤ ئەفسەر)، بەڵام بەشێک لەو کارمەندانە وەکو شۆفێر و پاسەوانی ئەفسەرەکان کاردەکەن، ئەگەرچی بە وتەی بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان، ئەرکی تریش بەو پاسەوان و شۆفێرانە دەسپێرن.

٧. ژمارەی کارمەندەکان بەپشتبەستن بە روبەر و قەبارەی دانیشتوان بەسەر شارەکاندا دابەش نەکراون، شارێکی وەکو کەلار کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاترە، فەرقێکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ خانەقین لە روی ژمارەی کارمەندەوە، رەنگە ئەمەش پەیوەندیدار بێت بە هۆکاری سیاسیی و یان نەبونی پلان و روئیا لە پرۆسەی دامەزراندن دا.

٨. شێوازی بەڕێکردنی مامەڵەکان لە بەڕێوبەرایەتیەکەدا هاوشێوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە لە ناوچەکە و هەرێمیشدا، تەقلیدیین و پشت بە سیستەمی ئیلیکترۆنی نەبەستراوە، ئەمەش وایکردوە رۆتینات و تێچوی کات و مادەش زیاتر بکات لەسەر هاوڵاتیان.

٩. هەندێکجار هاوڵاتیان لە شارەکانی دیکەی گەرمیانەوە رو لە ناوچەکە دەکەن بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی، ئەمەش گومان دروست دەکات بەوەی ئاسانکاریی بکرێت بۆیان، بەڵام بەڕێوبەری هاتوچۆی گەرمیان ئەم گومانانە رەتدەکاتەوە و هاتنی هاوڵاتیان لە شاری دیکەوە بۆ گەرمیان بەمەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی دەبەستێتەوە بەوەی بەوپێیەی رێژەی دەرهێنانی مۆڵەت لە شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی زیاترە و لێرە کەمتر، بۆیە قەرەباڵەغی لێرە کەمترە.

١٠. بەڕێوبەرایەتیەکە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژمارەیەک فەرمانگەی حکومییەوە هەیە، کە دیارترینیان شارەوانی و رێگاوبانە، ئەم پەیوەندییە لە ئاستێکی مامناوەند دایە و بە رێکار و کارەکانەوە دیارە کە لێکتێگەیشتنی تەواو لەنێوان هەردولادا نییە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە، بۆ ئەمەش پێویستیی بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی دابینکردنی پێداویستی و پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانییەوە. بۆیە دەبێت حکومەت لە دابەشکردنی بودجە دا، گرنگیی ئەم بەڕێوبەرایەتییە و سروشتی کارەکەی ڕەچاو بکات.

٢. سەرباری ئەوەش بەڕێوبەرایەتییەکە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، لە ڕووی دابەشکردنی میلاکات بەشێوەیەکی یەکسان و هەروەها ڕەخساندنی دادپەروەریی لە ئیشوکارەکان دا لەنێوان بەشەکان و هەروەها کارمەندەکانیشدا. بۆ ئەمەش بە گونجاوی دەزانین کە دەستە یان لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بەڕێوبەرایەتییەکە یان لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆ پێکبهێنرێت و هەڵسەنگاندن لەمبارەیەوە بکات و بڕیاری پێویست بدات.

٣. کارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە تەقلیدی و کۆنە، ئەمەش لێکەوتەی سلبی زۆری بەسەر خودی بەڕێوبەرایەتییەکە و هاوڵاتیانیشەوە هەیە، بۆیە پێویست دەکات بەرەو بەلایەنی دیجیتاڵکردنی کاروبارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بڕۆیت، کە ئەمەش هەم لە ڕووی تێچوون و هەم کاتیشەوە، خزمەت بە هاوڵاتیان و بەڕێوبەرایەتییەکەیش دەکات.

٤. پێویستە ئەو گومانانەی هەیە لەبارەی ئاسانکارییکردنی ڕەها بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی بەهەند وەربگیرێت و بەدواداچوون بکرێت، بەشێوەیەک ڕێگریی بکرێت لە بوونی وەها حاڵەتێک کە سەر بکێشێت بۆ گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

٥. مامەڵەنەکردنی بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتوچۆ لە پارێزگاکان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان بەتایبەتی لە پێدانی تۆماری سەرپێچیی کامێراکانی هاتوچۆ، خاڵێکی سلبییە، پێویستە بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە و بارگرانی لەسەر شانی هاوڵاتیان نەهێڵێت.

٦. بوونی هەماهەنگیی لەنێوان بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان و دەزگا حکومییەکانی دیکە پێویست و گرنگە، بۆ ئەم مەبەستەش هانی ئەو دەزگایانە دەدەین بۆ ئەوەی کۆبونەوەی دەوریی یان ناوبەناو ئەنجام بدەن بەمەبەستی دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوانیاندا، لەمڕووشەوە ئیدارەی گەرمیان وەک باڵاترین دەسەڵاتی ئیداریی لە سنورەکە، دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت و ئەو دەزگایانە کۆبکاتەوە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بەرەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣ - ٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net